# ڕاگەیەنراوی " گرووپی ڕاچەنین " لەبارەی
# پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری کوردستان

ئێمەی ڕۆژنامەنووسان ساڵانێکی زۆرە داوای دەرچواندنی یاسایەکی کاری ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان دەکەین و خواستی ئەوەمان هەبووە کە لە ڕێی یاسایی و دەستوورییەوە ماف و ئازادییەکانمان فەراهەم بکەین ، لەم پێناوەشدا هەوڵمان داوە و لە گفتوگۆ سەرەتاییەکانی ئامادەکردنی پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە کاری بۆ دەکرا بەشداربووین و هەر لە سەرەتاوە تێبینییەکانی خۆمان لەسەر ئەو پرۆژەیە ڕاگەیاند ، بەڵام سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەموو ئەو تێبینیانەی بەهەند وەرنەگرت و وەك ئەوەی بڵێی هەموو ئەو کۆبوونەوانەی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك بۆ گفتوگۆ لەمەڕ پرۆژەکە ئەنجامیاندا تەنها سیناریۆیەك بووە و هیچی دی ، ئاوا پڕۆژەکەی خۆیان ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانکرد ، هەربۆیە ئێستا ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنووسانی کارا و ئەکتیف پاڵپشتی لەو پرۆژەیە ناکەن و لەهەولّی ئەوەدان برگە و مادەگەلێکی زۆری تێدا هەموار بکەن .

ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە پاڵپشتی هەوڵەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەکەین لە خواستی دەرچواندنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی ، بەڵام هاوکات بانگەوازیان دەکەین کە گویّ لە خواستی سەرجەم ڕۆژنامەنووسان بگرن و کار بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەك بکەن کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان لە داڕشتنیدا بەشداری بکەن و زامنی زەمینەیەکی ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری بۆ داهاتووی کوردستان بکەن ، داواش دەکەین کە سەندیکا هەر گفتوگۆیەك لەبارەی پرۆژەیاساکە دەکات بە شێوەی ئاشکرا و شەفافیانە بێت و هیچ لە ڕۆژنامەنووسان نەشارێتەوە.

گەر سەرنجبدرێت بەئاشکرا هەست دەکەین کە پڕۆژە یاساکەدا نەك تەنها کەموکورتی بەڵکو تەنانەت هەڵەی یاسایشی تێدا هەیە و ناڕوونی لە دەستەواژە و برگەکانیدا هەیە بە جۆرێك کە لە پرۆژەی یاسایەکی ئامادەکراو نەچێت ، هەروەها داوا دەکەین کە پەلەمانی کوردستانیش پەلە لە گفتوگۆکردن لەبارەی پرۆژەکەوە نەکەن و بۆئەوەی باشترین یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی بنوسرێتەوە و بڕیاری لێبدرێت جارێکی تر بگەڕێنرێتەوە بۆ سەندیکا و بخرێتەوە بەردەم گفتوگۆی زیاتر لەبارەیەوە .

ئێمەی لای خۆمانەوە ئامادەیەن ئەوەندەی پێمان دەکرێت هاوکاری گەلاڵەکردنی پرۆژە یاسایەك بکەین کە لە کۆتایدا خزمەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان بکات ، سەندیکاش ئەم ڕاگەیەنراوەمان بەهەند وەربگرێت و دەستبەرداری سیاسەتی خۆبەگەورەزانین و ڕەفزکردنی ئەوانی تربێت.

**گرووپی ڕاچەنین**